

# گەڕانەوەی مۆدەی ملوانکە بەردییەکان لە کوردستان

ملوانکە یەکێکە لە جوانترین ئێکسسوارەکان، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە جوانییەکی ناسك و ڕازاوە لە خۆ بگرێ، بۆیە دەکرێ ملوانکەکان بە سادەیی و ناسکی بێ، مەرج نییە لە چ کەرەستەیەك دروست کرابێ، واتە نابێ ماددەکان ببنە پێوەر بۆ جوانی ملوانکەکان، ملوانکەکان لە چەندین جۆرە ماددەی گرانبەها و دروست دەبێ، لەوانە: ملوانکە لە ئەڵماس – زێڕ –زیوو- بەرد، یان ماددەی دیکە..

یەکێك لەو ملوانکانەی کە لە کوردستان باوە، بریتییە لە ملوانکەی بەردی، کە شێوەیەکی گەورەی بەردی لێوە دروست دەکرێ و جوانییەکی گەورە و کراوەش دەبەخشێ، ئەو جۆرە ملوانکانەش جوانییەکی سروشتی هەیە، لەگەڵ ئەوەی بەردەکان کە شێوەی ملوانکەکان پێکدەهێنن بە ڕەنگی سرووشتی خۆیانەوە دەردەکەون، بەڵام دەبێ لەگەڵ ئەو جۆرە جلانەوە بگونجێ کە دەپۆشرێن.

# تەسریحەی قژی کورت مۆدەیەکی شایستەیە بۆ جوانیت

تەسریحەی قژ لەگەڵ مۆدە تازەکاندا شێوازێکی جوان لەخۆ دەگرێ، ئەمەش وادەکات ببێتە ڕێگەیەك لە جوانی مۆدەکانی قژ بڕین، تەنانەت دەکرێ سوود لە جوانی بڕینی قژدا وەربگرین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە مۆدەیەکی کراوە و ڕازاوە بێ، ئەمەش وادەکات لە جوانترین مۆدەدا جێگەی بگرێتەوە و شایستەی کراوەیی و تەسریحەیەکی کورت بێ، لێرەدا جۆرەکانی تەسریحەکان لەم وەرزەدا بەرەو کورتی ڕێگەدەگرن و دەبن بە شایستەترین مۆدەکان.

قژی کورت، یان تەسریحەی خاو یان تەسریحەی دالاس مۆدەیەکی ناسکە لە جوانی قژ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جلەکان لەم وەرزەدا بەرەو کورتی و تەنکی دەچن، ئەمەش وادەکات مۆدەیەکی تایبەت دروست بکات لە جوانی تەسریحەکان، بۆیە لە ڕێگەی قژی کورتەوە مۆدەیەکی شایستە لە جوانی تەسریحەکاندا بەدی دەکرێن.







# ژووری دانیشتن دیكۆرێكی گرنگی ماڵ


یەكێك لە گرنگترین بەشـــەكانی دیكۆری ماڵ بریتییە لە شـــوێنی دانیشـــتن، یان ســـاڵۆن بۆ پێشوازی و دانیشتن، چونكە شوێنێكی بەرچاوی هەیە، ئەمەش وادەكات ببێتە یەكێك لە دیارترین شـــوێنەكانی دیكـــۆری مـــاڵ، هەرچەندە لە كەلتووری ئێمەدا گرنگییەكی ئەوتۆ بە ژووری دانیشتن نادرێ، یان بە شێوەیەكی كلاسیك كاری لەســـەر كراوە، بەڵام دەكـــرێ دیكۆری ژووری دانیشـــتن گۆڕانكاری بەســـەردا بكەین و ببێتە شوێنێك بۆ پێشوازی و حەسانەوەی كەسەكان.
مۆدەیەكـــی تازە هەیـــە لە دیكـــۆری ژووری دانیشتن كە بریتییە لە دانیشتنێكی بچووك، كە لە ژوورێكی كراوەدا شـــوێنێكی بچووك تەرخان دەكرێ بە چەنـــد كەنەبەیەكی بچووك، ئەمەش بۆ دانیشـــتنی بچووك و خێرایە، كەچی دەكرێ هەمان دیكۆرە كلاسیكەكان بۆ ژووری دانیشتن مۆدەیەكـــی ڕازاوە و جـــوان بن، بـــەڵام دەبێ گۆڕانكاری لە شێوازی دانیشتنەكاندا بكرێ.

# جلەكانی وەرزی بەهار تەنك و رازاوەن

بۆ وەرزی جوانی بەهار مۆدەكان واڵا دەبن بۆ جوانییەكی ڕازاوە، لە گشـــت جۆرە جلەكان، ئێكسسوارەكان، مۆدەكانی تەسریحە و دانانی ماكیاژ، ئەمەش وادەكات خانمان بە ستایلێكی تـــازەوە دەربكەون و جوانییەكی دیكە بنوێنن، لێرەدا جوانی جلەكان گرنگیان دەبێ لەســـەر مۆدەكان، تەنانەت دەكرێ شێوازی جلەكان بە گۆڕانكاری تازەوە كاری بۆ بكرێ.
بۆیە هەڵبژاردنـــی ئەو جۆرە جلە كە لەگەڵ جوانی ئـــەو وەرزە ڕەنگاوڕەنگە دەگونجێ، بەهۆی ئەوەی لەوەرزی بەهار كەش بەرەو گەرمی دەچێ، بۆیە دەبێ جلەكان تەسك و تەنك بێ لە پێشـــووتردا، لەم ڕێگەیەوە دەكرێ ئـــەو جۆرە جلانە دابیـــن بكەین كە جوانییەكـــی بەهـــاری و مۆدەیەكی ڕازاوە دەبەخشـــن، جلەكانی ئەو وەرزە شێوازێكی سەرنجڕاكێش و مۆدەیەكی ناسكیان پێوە دیار دەبێ، ئەو چەند نموونەیە دەبێتە مۆدەیەك لە دەستە جلەكانی وەرزی بەهار.








بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560




# چایخانەیەک بە یادی جاران

لەگەڵ دێرینی شاری هەولێر و ناسراوێتی بە شوێنەوار و پاشماوەی کۆن و کەلتووری و ڕۆشنگەری کۆمەڵێك پێگەو بنکەی کۆنی جەماوەری و ڕۆشنبیری تێدا ماوەتەوە کە ساڵانێکە پێگەو شوێنێ: بۆ گردبوونەوەی زۆربەی زۆری چینەکانی کۆمەڵ و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەدیبان بە تایبەتی چایخانە یان قاوەخانەوە شوێنی میوانداریێتی گەشتیاری مەچکۆ یەکێکە لەو شوێنە کۆنانەی کە بۆتە هۆی گردبوونەوەی جەماوەری و ڕۆشنبیری شاری هەولێر، چایخانەی مەچکۆ لە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن مەجید ئیسماعیل موستەفا دامەزراوەو لە خۆشەویستی خەڵکەکە بۆ مام مەجید ناویان ناوە مەچکۆ، مەچکۆ نەك تەنیا چایخانە و قاوەخانەیەکە، بەڵکو مۆزەخانەیەکی کەلتووری و ڕۆشنبیرییە کە پڕە لە مانای جوان و لێوان لێوە لە تێگەیشتن بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان.


**ڕەوەند بەختیار**

# ڕۆیشتن بە قاچی پێچەوانە!



ئەو مرۆڤانەی خاوەن بەهرەیەکی سەیرن دەتوانن لەسەر کارەکانیان چەندین نمایشی جوان ئەنجام بدەن، یان هەندێك کەس هەن بەهرەکانیان لە خۆیانەوە هەیە، لە کاتێکدا دەتوانن کاری وابکەن جێگەی سەرسوڕمانی و سەمەرەی گشت کەسێك بێ، ئەو پیاوەی دەیبینن لە ویلایەتی مشیگانی ئەمریکی دەژی، تەمەنی (٤٩) ساڵ، کە بەهرەیەکی هەیە لە قاچەکانی، کە دەتوانی بۆ (١٨٠)پلە قاچەکانی بسوڕێنێت و تەنانەت پێچەوانەی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەری بڕوات، بەبێ ئەوەی گرفتێکی بۆ دروست بێ، ئەو پیاوە ناوی (لانهمان)ـە و بە پیاوی لاستیکی یان قاچی پێچەوانەوە ناسراوە، وەکو لە وێنەکاندا دەیبینین چۆن دەتوانێ قاچەکانی بەرەو ئاراستەیەکی دیکەوە بگۆڕێ و لەسەری بڕوات.






## ئاسمانی کوردستان گەشایەوە

بۆنە و یادەکانی سەرەتای وەرزی بەهار لە کوردستان چەندین بۆنەی تایبەت لەخۆ دەگرن، هەر یەکەیان دەبێتە ڕۆژێکی تایبەت بە بۆنەکانەوە، لەگەڵ هاتنەوەی سەری ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆز، چەندین کاری جوان لە شارەکانی کوردستان ئەنجام دران، وەك یاری ئاگرین، فیستیڤاڵەکان، ئاهەنگ و بۆنەی تایبەت، ئەمەش وادەکات دیمەنی کوردستان بە سروشتییەوە جوانتر بکات و دیمەنێکی ناسك ببەخشێ. یەکێك لە دیمەنە جوانەکان بریتی بوو لە یارییە ئاگرینەکان، کە لە نەورۆزدا بە ڕەنگە جوان و قەشەنگەکانی ئاسمانی کوردستانی ڕازاندەوە، دیمەنێکی جوانە کاتێك لەژێر یارییە ئاگرینەکان رادەوەستێت و ئەم ئاسمانە بە ڕەنگاوڕەنگی بێتە بەرچاوت.

## سەیرترین تەسریحە لە شێوەی (ئەختەبووت)

تەسریحە سەیرەکان بە چەندین شێوازی تایبەت و جوانەوە ئامادە دەکرێن، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ، کە بەپێی خواست لەسەر تەسریحەکانی قژدا دەردەکەوێ، لە یەکێك لە جوانترین و سەیرترین جۆرە تەسریحەکان، لەلایەن خانمە نمایشکاری جیهانی (سۆفیا هەتاتاس) جوانترین شێوە تەسریحەی بۆ قژی ئامادەکردووە، کە شێوەی تەسریحەکەی ئەختەبووتە، هەرچەندە ئەو ئەختەبووتە نەماوە، بەڵام تەسریحەکە وەك شێوەیەکی جوان و سەیر لەخۆ دەگرێ و دیمەنێکی سەمەرەی هەیە.





## کیت لە سینەماوە بۆ ڕێکلام

ڕێکلام بۆتە هۆکارێکی کاریگەر لە ئەمڕۆی کاری ڕاگەیاندن، کە چەندین کەسایەتی ناودار و هونەرمەند و ئەکتەر و کەسایەتییە وەرزشییەکان دەبن بە ئەکتەری ئەو ڕێکلامانە، وادیارە (کیت وینسلێت)یش هاتە ڕیزی ئەو ئەکتەرانەی بۆ داهاتێکی زۆرەوە ڕوو لە کاری ڕێکلام بکات، کەچی ڕێکلامەکەی کیت، بووە جێگەی سەمەرەی زۆربەی هەواداران و جیهان، ئەمەش کاتێك بە دیمەنێکی نیمچە ڕووتەوە ڕێکلام بۆ (لانکۆم)ی سووراوی لێو دەکات، ئەمەش وادەکات کە کیت ئەو کەسایەتییە گەورەیەی هەیەتی بگۆڕێ لە بواری ئەکتەر بۆ بواری ڕێکلام کردن، کە پێشتر کاری ڕێکلامی نەکردووە، بڕی ئەو ڕێکلامە بە پارەیەکی زۆرەوە هەژمار دەکرێ کە دەگاتە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

## هیتلەر لە کوردستانە


هیتلەر ئەو کەسایەتییە بەناوبانگەی جیهان، کە دەیویست هەموو دنیا داگیر بکات، بە شتێکی ناسراوە کە ئێستاش لە چەندین شوێن یادی دەکرێتەوە، ئەویش بوونی سمێڵە بچووکەکەیەتی، هەروەك لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلی (BMW)دا هەیە، کەچی وادیارە لە کوردستانیش ئەو لاساییە دووبارە دەبێتەوە، وەکو دەبینن ئەو منداڵە لەلایەن کەسوکارییەوە هێناویانە سەرتاشخانە و شێوەی قژ و بە سمێڵی دەستکرد شێوەی هیتلەر دێتەوە خەیاڵمان.





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەست دەکەیت پێویستیت بەوە هەیە لەچەند بوارێکدا لەیەك کات و لەیەك شوێندا کاریان تێدا بکەیت بەڵام پێویستە لەوە زیاتر کات فیڕۆ نەدەین، هەندێك لەپڕۆژەکانی ژیانت کەوەك خەون و خەیاڵ وایە نایەتە دی.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆش دەبیستی، هەوڵبدە زیاتر بڕوات بەخۆت و ئەوکارانەی کە دەکەی هەبێت، کێشەیەکی خێزانیت بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات، باری تەندروستیت بەرەو خراپ بوون دەڕوات بۆیە لەو کاتانەدا پێویستیت بە پشوودان هەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ماوەیەکی زۆرە ماندوویت و فشارێکی زۆرت خستۆتە سەر مێشك و جەستەت، ئێستا کاتی ئەوەیە بحەسێیتەوەو بەرهەمی ماندووبوونت بدوریتەوە، هەوڵبدە پارێزگاریان لیَ بکەیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەم ماوەیە لەچارەسەرکردنی کێشەکان سستیت و ناتوانی چارەسەریان بکەیت، هەوڵبدە کە زیاتر بەهێز بیت بەرامبەر بەو کێشانەی کە دێنە پێشت، ئەم ماوەیە هەموو هەستەکانت راست دەردەچێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لەم رۆژانە لەزۆربەی بوارەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت و هەر لەبەئەمەشە کە رووبەڕووی چەند ناحەزێك دەبیتەوە، لەبواری سۆزداریدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کاتی ئەوە هاتووە دان بەهەڵەکانی خۆت دابنێی پەشیمان بیتەوە لەو هەڵانەی ئەنجامت داوە، تواناو ماوەیەکی زۆرت لەبەر دەستدایە، بۆ بە ئەنجامدانی، کارەکانت دوا مەخەو لەکاتی خۆی ئەنجامی بدە.

## فەلافل دۆت نۆک !




تابلۆکان لە کوردستان بە چەندین دیمەنی جوانەوە دەکەونە بەرچاو، ئەمەش وادەکات کە ئەوانە بەو شوێنە تێدەپڕن سەیرێکی بکەن و پێکەنینێکی ورد لەسەر لێویان بنیشیَ، ئەوەی دەیبینن تێکەڵی نێوان خواردن و بواری ئینتەرنێتە، کە لەسەر تابلۆی سەر دوکانێکی فەلافل فرۆشتن نووسراوە (فەلافل ئەبو. دۆت نۆك)، ئەمەش وەك ئاماژە کردن بە سایتی ئینتەرنێت کە دەنووسریَ (دۆت کۆم یان دۆت نێت)، یان جۆری دیکە، کەچی لەو دوکانەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەدا کە فەلافلەکە ساف لە نۆك دروست کراوە.

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی پارکێکت بۆ دەربچیَ .**

ە ا ن د ش ر ە

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (نەورۆز)**




**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئێرلەندی) دەڵیَ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!**

- سەرخۆشێك بە هاوڕێیەکی خۆی وت بۆ وا کەچەڵ بووی؟ ئەویش وتی زەمانە وای لێکردم کەچەڵ بم، ئەویش وتی ئیتر سەرت لەلای زمانە چاك مەکە، بڕۆ بۆ لای سەرتاشێکی دیکە!

❊❊❊


- ژنێکی دوو گیان منداڵەکەی لێی دەپرسێت
- دایکە ئەوە چییە لە سکتدا؟ دایکەکەشی دەڵێت ئەوە براتە. بەیانی کە دەچێت بۆ مەکتەب ماموستا لێی دەپرسێت کوڕم تۆ برات نییە؟ ئەویش دەڵێت: وەڵا هەمبوو، بەڵام دایکم خواردوویەتی!

## جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**









## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە خوەن وێنەکە.
٢- کچە پەرلەمانتارێکی کوردە(پ).
٣- وەکو یەك- پێویستی جوتیار- کێ- ژمارەیەکە.
٤- خزمێکە (پ)- ژنە قارەمانێکی کوردە(پ).
٥- سەرۆکی ئەمەریکا- نزا.
٦- دهۆك(ت).
٧- دەم وچاو- دارێکە(پ)- پەنا(ت).
٨- دوو پیتی مەجەر- وڵاتێکی ئەوروپییە(پ).
٩- وڵاتێکی بچوکی ئەوروپایە- شیت(ت).
١٠- مانگێکە- ڕێگا.
١١- داستانێکی بەناوبانگە.
١٢- سەرۆکی پیرۆ.


## ستوونی:

١- کچە هونەرمەندێکی ئێرانە.
٢- دۆزەرەوەی ئەسپرین(پ)- پێوەری کارەبایە(پ).
٣- بەشێکە لەسەر- پێغەمبەرێکە.
٤- بیرەوەری - سێ پیتی دیار زولف (ت).
٥- بە میسر دەڵێن(پ)- داو.
٦- ڕووبارێکە لە لوبنان (پ)- ڕێزان(ت).
٧- خێرا(پ)- تەنیشت(پ)- دوو پیتی لوغم.
٨- داهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالی بوو- توخمێکی کیمیاویە.
٩- دیزەل(ت)- دوو پیتی گەڤ- خێر(ت).
١٠- وەکویەك- سەرۆکی خەمیرە سورەکان- نیوەی ئاشتی.
١١- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیە(پ)- دراوێکە(پ).
١٢- سەرۆکی بەرازیل.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەمڕۆ دەکەویتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی قورسی ژیان، بەڵام زۆر بەسەرکەوتوانە دەتوانی سەربکەوی بەسەر ئەو تاقیکردنەوەیەدا، خۆشاردنەوە لەکەسێکی نزیکت بەرەو کێشەت دەبات.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕوبەڕووی کێشەکانت بەرەوەو خۆتیان لێ مەشارەوە، هەوڵبدە کێشەی نێوان خۆت و هاورێکەت لەوە زیاتر پەرەنەسەنێت بەزووترین کات هەوڵبدە چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەم ماوەیە چەند هەنگاوێکی سەرکەوتووانە لە بواری ئیش و کارەکانتا دەنێیت، هەموو هێزو تواناکەت بەکاردێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گەر وا بەردەوام بیت سەردەکەویت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەبواری ئیش وکاردا پەیوەندیەکانت سەرکەوتووە، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی کەلەبەردەستت دایە ئامۆژگاری هاورێکانت لەبەر چاو بگرە، بەهۆی نەرم و نیانیت لەم ماوەیەدا زیاتر خۆشەویستەکانت لێ نزیك دەبنەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ بەدڵفراوانیەوە سەیری ژیان دەکەیت، بەو هۆیەوە خۆشییەکانی ژیان ڕووت تێدەکات، دوور بکەوە لەو خەیاڵەی کەدەتەوێ خۆشەویستە کۆنەکەت ئاشت بکەیتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گەر هێمن بیت زۆر بەئاسانی دەتوانی بەسەر کێشە خێزانەکەت زاڵ بیت، خۆشەویستەکەت پێویستی زۆری بەتۆیە، هەوڵبدە لەهەموو ڕوویەکەوە یارمەتی بدەی، باری دەروونیت روو لەباشی دەکات .

## نالی



بولبولم دەناڵم شەو بە تەنیایی
دەناڵم بۆ گوڵ کە دوورە لە ڕۆشنایی
شەو کە دوورە لە خەیاڵانی خاڵانم
بە تەنیایی لە ڕۆشنایی خاڵانم بووم بە دیوانی!

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرماوز) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاوەڵناوێك وەکو بەڵێ، زیاتر لە هەولێر بەکاردەهێنرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەك بۆ ماوەیەك لەلای یەکێك بێ، بەرامبەر بڕە پارەیەك، وەك خانوو)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (بچووکی بزن چی پێ دەگوترێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاوەڵناوێکی پرسە، بۆ پرسین لە کەسێك بەکاردێ)